


# یەکەمین ریستۆرانتی دیجیتالی لە جیهان

جیهانی ئەمڕۆ جیهانی دیجیتالییە، تەکنەلۆژیا بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا زاڵ بووە. ریستۆرانتێك لە لەندەن مێزی نانخواردنەکەی تەواو دیجیتالییە و سیستەمی لەمسییە. مینوی خواردنەکان بەشێوەیەکی دیجیتالی داندراون، بەبێ ئەوەی هیچ خزمەتگوزارێك بێت و بڵێت چ خواردنێك داوا دەکەی، لەسەر مێزەکە پەنجە لەسەر خواردنەکە دابگرە و خواردنەکە بە ماوەی کەمتر لە 20 خولەك دێتە بەردەمت.





ریستۆرانتەکە کە بە "ئیناموّ" ناسراوە، لەوێدا گشت مێزەکان لەمسی و دیجیتالین. ئەوانەی سەردانی ئەو شوێنە دەکەن بۆ ئەوەی کە دڵنیابن خواردنەکە بە شێوەیەکی خاوێن و ڕێك ئامادە دەکرێ، دەتوانن دەست لەسەر دوگمەی "کامێرا" دابگرن و بە وردی شوێنی ئامادەکردنی خواردنەکە ببینن. هەتا ئەو کاتەی خواردنەکەش ئامادە دەبێت و بۆ ئەوەی کە بێ تاقەت نەبن دەتوانن هەر لەسەر مێزەکە گەمەیەکی کۆمپیوتەری بکەن. خاڵی جێگای تێڕامان لەو ریستۆرانتە ئەوەیە پاش تەواو بوون لە خواردن دەکرێ دوگمەیەك لەسەر مێزەکە دابگری و شوێنی ڕۆیشتنت دیاری بکەی، پاش چەند خولەکێك تاکسی تایبەت بۆ شوێنی مەبەستت ئامادە دەبێت.




# ویندۆز XP بۆ هەمیشە بای بای

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ڕایگەیاند کە لە 13ی ئەم مانگەوە بە فەرمی کۆتایی بەپشتیوانی کردن لە ویندۆز XP دێنێ، بەم کۆتایی هێنانەش خۆشەویسترین سیستەمی کۆمپیوتەر بۆ یەکجاری خانەنشین دەکرێ. ویندۆز XP حەوت ساڵ وەك باشترین سیستەم ناسرا، هەرچەندە دوای ئەو ویندۆز ڤیستا هاتە بەرهەم، بەڵام بەهۆی چەندین گرفت لە ڤیستادا، دیسان هەر پەنا بۆ ویندۆز XP برداوە. مایکرۆسۆفت کاتێك لە دانانی سیستەم ڤیستادا سەرکەوتوو نەبوو، ویندۆز7ی دانا، کە ئەم ویندۆزە کەموکورییەکانی ڤیستای چارەسەر کردووە، بۆیە ئەم ویندۆزە دەکرێ وەك جێگرەوەکەی باشی XP سەیر بکرێ.

# چۆن کارت میمۆری ئەسڵی

میمۆری کارتی عادی واتە ئەوانەی سەر بە هیچ مارکەیەك نین، سەرەڕای کەموکوری زۆریان، تەمەنێکی کەمیان هەیە و خێراییشیان لە خوارێیە. لەگەڵ ئەوەشدا بازاڕ پڕە لە کارتی میمۆری عادی. بۆیە پێویستە چەند شێوازێك بۆ لێکجیاکردنەوەی کارت میمۆری ئەسڵی و عادی بزانین. لێرەدا نموونەگەلێکی زۆرمان هێناوەتەوە بەهۆی ئەم نموونانەوە بۆتان دەردەکەوێت کام کارتی میمۆری ئەسڵیە و کامەیان عادییە.

بە وردی سەیری خوارەوەی وێنەی یەکەم بکەن. لە کارت میمۆری ئەسڵی دا دەبێ لە خوارەوەی کارتەکە کەلێنێکی بچووك هەبێ وەك لە وێنەکەدا دیارە، بەڵام لە کارت میمۆری عادیدا ئەو کەلێنە نییە.

ژمارەی سەر میمۆرییەکە و ژمارەی سەر کارتۆنی میمۆرییەکە دەبێ وەك یەك بن. بۆ نموونە سەیری وێنەی دوو بکەن. ژمارەی سەر کارتۆنی میمۆرییەکە 2048، بەڵام



FAKE REAL




genuine card



fake card genuine card



fake card genuine card



# پێنووسی مۆسیقاژەن

جیهانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی هەروا دێت و بەرفرەتر دەبێت و بە جۆرێك ئەو ئامێرانەی کە پێشتر ئەرکی دیکەیان بەڕێوە دەبرد، ئێستا چەندین ئەرك بەڕێوە دەبەن، بۆ نموونە ئەو پێنووسەی کە دەبینن.

ئەمە پێنووسێکی دیجیتالییە بەهۆی ئەوەوە دەکرێ نۆتەکانی مۆسیقی بخوێندرێنەوە و گوێیان لێبگرین.

کۆمپانیای Gigaway پێنووسێکی بەرهەمهێناوە کە کە بەدانانی پێنووسەکە لەسەر نۆتەی سەر کتێبەکانی مۆسیقای تایبەت بە پیانۆ و کەمانچە دەتوانێ پارچە مۆسیقایەکە لێبدات. پێنووسەکە بۆ قوتابیانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان زۆر بە سوودە. بۆ بەرهەمهێنانی پێنووسەکە لەباشترین مۆسیقاژەن سوود وەرگیراوە.

# حەز دەکەی خۆت بە پیری ببینی

مرۆڤ هەمیشە حەزی کردووە کە بزانێ لە داهاتوودا چۆن دەبێت، سەردەمی پیری ئەو چ جۆرێکە، لەسەردەمی تەکنەلۆژیای سەردەمدا ئەو خەیاڵەی مرۆڤ بۆتە راستی. بە بەرهەمهاتنی پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری کە مرۆڤ لەسەردەمی پیریدا نیشان دەدات ئیدی بیرکردنەوەی لەسەردەمی پیری خەیاڵ نییە. رەنگە تۆش یەکێك بی لەوانەی کە بزانی سەردەمی پیریت چۆنە.

پرۆگرامی Prophecy-Master روخساری سەردەمی پیری هەر کەسێك نیشان دەدات. لەراستیدا بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ بزانی سەردەمی پیریتان شێوەتان چۆنە. هەرچەندە پرۆگرامەکە دەڵێت روخساری مرۆڤ تاکو 20 ساڵ پیرتر دەکات، بەڵام لە راستیدا وانییە بگرە هەر وێنەیەك دابنێی، وێنەی تەمەنی پیری کەسەکە نیشان دەدات. بۆ نموونە ئەگەر وێنەی منداڵێکیش دابنێی هەر تەمەنی پیری نیشان دەدات نەك تەمەنی گەنجی. هەروەها دەتوانی بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە وێنەی پیری خۆت راستەوخۆ لە رێگای ئیمێڵەوە بۆ دۆستانت بنێری.




# ... و عادی لێک جیا بکەینەوە؟

ژمارەی سەر میمۆرییەکە بەمجۆرە نییە.

لە پەنا لۆگۆی CF دەبێ حەتمەن وشەی TM هەبێ. وەك وێنەی ژمارە سێ دا هەیە. دەبێ دیقەی چاپکردنی پشتی کارتەکە کوالیتی لەسەرێ بێ، هەروەها بە خواری لێنەدرابێ وەك وێنەی ژمارە چواردا هەیە.

کارتۆنی کارتەکە دەبێ حەتمەن هۆلۆگرامی هەبێ، وەك وێنەی ژمارە پێنج. ژمارەی کارتەکە دەبێ بە روونی لەسەر لێوی خوارەوەی نووسرابێ، وەك وێنەی ژمارە شەش. لەبارەی کارتی میمۆرییەکانی ستیکی سۆنی دەبێ دیقەی چاپ لە خواریٚ نەبێ، وەك وێنەی ژمارە 7. هەروەها سەیری کارتۆنی میمۆرییەکە بکەن لەبەری وشەی Sony نەنووسرابێ Sorry. وەك وێنەی ژمارە 8. هەروەها دەبێ دیقەی چاپی سەر کارتۆنەکە بە کوالیتی بەرز بێ و یەك ناوەرۆك نووسرابێ وەك وێنەی ژمارە 9.









fake card genuine card



fake card




FAKE: there is no 'Sony Corporation'